# پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی چەمك و گرنگترین تیۆرەکانی
# توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە - هەڵهێنجدراوە لە تێزی دکتۆرا

**م.ی.شەهلا محمد عبدالکریم**

**(خوێندکاری دکتۆرا – بەشی کۆمەڵناسی – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی)**

shahla.abdulkarim@univsul.edu.iq

**بەسەرپەرشتی: پ.ی.د. عبدالله خورشید عبدالله (کۆلێژی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی صلاح الدین)**

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/٣/٣ **ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/٣/١٧

**پوختە:**
لەم توێژینەوەیەدا چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و مێژووی سەرهەڵدان و گرنگترین خاسیەت و قۆناغەکانی دەخەینە ڕوو، لەگەڵ گرنگترین ئەو تیۆرییانەی کە باسیان لە ئەم پرۆسەیە کردووە، بەو پێیەی ئەم پرۆسەیە یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکان، کە کار دەکات بۆ فێرکردن و ڕاهێنان و چاندنی گشت بیر و باوەڕ و ئاراستە سیاسییەکان لەناو کۆمەڵگادا، هەوەرها کار دەکات بۆ دروستکردنی کەسێتییەکی سیاسی ئەرێنی لە کۆمەڵگا، بەمەستی بەدیهێنانی سەقامیگیری سیاسی و هۆشیارکردنەوەی تاك لە بەشداریکردنی لە ڕووداو و چالاکییە سیاسییەکاندا، وەك: پرۆسەی دەنگدان، مانگرتن، ڕووبەڕووبونەوەی هەر بابەتێك کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە دەتوانین گشت بیر و باوەڕەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزینەوە و نەوەکانی دوای خۆمان فێری خۆشەویستی نیشتمان و گەلەکەیان پەرە پێبدەین.

**وشە کلیلەییەکان: پێگەیاندنی سیاسی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

**پێشەکی/**

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە زانایان و فەیلەسوفەکانی (ئیغریقی کۆن) بایەخیان پێداوە، بەڵام لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی سیستمی دیموکراتی ئەم پرۆسەیە زیاتر بووە جێگەی بایەخ و گرنگی زانایان، ئەم پرۆسەیە گرنگی بە کەسێکی تاك دەدات و ئەو ئاراستە و بیروڕا سیاسییانەی کە هەیەتی، هەر وەك ئاشکرایە کە ژیانی سیاسی پڕیەتی لە چەندین بیروڕا و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز کە هەریەکە و بەپێی سیستمی سیاسی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین جیاوازن و دەگۆڕێت لە یەکێك بۆ یەکێکی تر، هەروەها لە چینێك بۆ چینێکی تر، هاوڵاتییانی هەر نەتەوەیەك چەندین مێژوو و بەرژەوەندی و هەست و سۆزی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و ئینتیما و خۆشەویستییان بۆ یەك هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لەوانی تر، ئەم هەست و سۆز و ئینتیمایەش لە ئەنجامی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئایا ئەم بیروبۆچوونانە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگاکەن، یاخود لە ئەنجامی ئەو

sjh@univsul.edu.iq

بەرنامە و ئایدۆلۆژیا جیایانەن کە لە لایەن سیستیمی سیاسی و دەسەڵاتدارانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە دروست بوون، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا چەمك و تیۆرەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەخەینە ڕوو.

**یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:**

**گرنگی توێژینەوەکە:**

لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا کار دەکرێت بۆ هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی تاك لەبارەی گشت ئاراستە و بیر و باوەڕ سیاسییەکان و ڕۆڵ و ئەرکی تاك لە کۆمەڵگادا، بەمەبەستی بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی، لەم توێژینەوەیەدا گرنگی دەدەین بە شیکردنەوەی چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و گرنگترین ئامانج و خاسیەت و قۆناغەکانی، هەروەها خستنەڕووی گرنگترین تیۆرییەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە ڕوانگەی زانا کۆمەڵناس و سیاسییەکانەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

بەوپێیەی کە جیهان لەمڕۆدا بەرەو کرانەوە و دیموکراسیەت هەنگاو دەنێت، بۆیە بابەتی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە ئەمڕۆ کاریگەری هەیە لەسەر تاك، بەمەبەستی فێرکردن و ڕاهێنانیان سەبارەت بە گشت بابەتە سیاسییەکان بەمەستی چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیبوون و کێشەی ژنان و بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکان و بڕیاردان لە هەر پرسێکی سیاسیدا کە پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگادا، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە بە پشتبەستن بە دیدگای تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی لای زانایان و ئەو سەرچاوە زانستییانەی کە بەکارهاتوون، شیکارییەکی تیۆری بۆ بابەتی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بکەین و هۆکاری سەرهەڵدان و گرنگی و قۆناغەکانی بخەینە ڕوو.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1- پێناسەکردنی چەمکی پێگەیاندنی سیاسیی و گرنگی و خاسیەتەکانیەتی.
2- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی شیکارییەکی تیۆری سەبارەت بە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی.
3- خستنەڕووی گرنگترین ئامانجەکان و قۆناغەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدیی بۆ توێژینەوە زانستییەکان و کێشانی چوارچێوەیەکی زانستییانەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە، بەمەبەستی گەڕان و تێگەیشتن بە دوای ڕاستییەکاند. (حسن، 1982: 204) لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی بابەتی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، بەوپێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە و بەکارهێنانی ئەم میتۆدە پێویستییەکی زانستی و ئەکادیمییە بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

**دووەم/ پێناسەی چەمك و زاراوەکان:**

**1- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

بێگومان یەکگرتوویی هەموو کۆمەڵگایەك لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەبێت کە تاکەکان گشت بنەما سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەیان بزانن و شارەزاییان هەبێت تیایدا، ئەم زانیاری و تێگەیشتنەش مرۆڤ هەر لە خۆیەوە

sjh@univsul.edu.iq

فێرنابێت، بەڵکو کاتێك لەدایك دەبێت بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، تاوەکو بتوانێت شارەزایی پەیدا بکات و فێربێت. (الاسود، 1990: 357)

هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ لەدایك دەبێت بوونەوەرێکی لاوازە و پێویستی بە کەسانی دەوروبەری هەیە، کە هاوکاری بن و دەستی بگرن و فێری بکەن و ڕاییهێنن، تا بتوانێت گەشە بکات و گەورە ببێت و ببێتە ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵگادا، ئەو پرۆسەیەی کە تاك لە ناو کۆمەڵگادا ڕادەهێنێت گشت بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی فێردەکات و تاك لە کەسێکی خۆپەرست دەگۆڕێت بۆ کەسێکی خۆنەویست و کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی کارکردنە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە دەتوانین بڵێین ئەو پرۆسەیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە. (گیدنیز، 2005: 88)

(ئەنتۆنیۆ کیدنیز) پێناسەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی کە ئەم پرۆسەیە پردی، یاخود ئەو کەناڵە سەرەکییەیە کە لە ڕێگایەوە ڕۆشنبیری گشتی دەگوازێتەوە لە جێیەك بۆ جێیەکی تر. (الزیود، 2010: 121)

هەروەها ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ لە (Biological being) بوونەوەرێکی بایۆلۆجی دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی (Social being) تاك ئامادەدەکات بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا و تێکەڵبوون لەگەڵ دەوروبەری و کارلێککردن لەگەڵیاندا. (هاشم، عدلي، 1980: 8)

ئەنطونیو ئۆریوم (A.arum) پێناسەی دەکات بەوەی کە ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگایەوە تاك فێری گشت بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی دەبێت. (عبدالرحمن، 1999: 444)

غی روشیە (Guy Rochih) پێناسەی دەکات کە ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ فێری گشت بنەما کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەبێت کە لە دەوروبەری هەن و کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسێتی تاك و تێکەڵبوونی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری کە کاریگەرییان هەیە لەسەری، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ئەزمونانەی کە لە ژیانیاندا پیایدا تێدەپەڕێت، دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا. (ابراش، 1998: 200)

**2- چەمکی پێگەیاندنی سیاسی**

یەکێك لە دیارترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی ئەنجام دراوە کتێبەکەی زانای بەناوبانگ (هێربێرت هایمان)ە (Herbert Hyman) کە لە ساڵی 1959 بە ناونیشانی (پێگەیاندنی سیاسی) بوو ئەم کتێبە پەیوەندی بە ڕەفتاری سیاسییەوە هەبوو، لەم کتێبەکادا هایمان پێناسەی چەمکی پێگەیاندنی سیاسی دەکات و دەڵێت: (ئەو پرۆسەیەیە کە کار لەسەر فێرکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری سیاسی تاك دەکات، کە یارمەتی دەدات تاوەکو بتوانێت لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگاکەیدا بگونیجت و پێکەوە بژین.) ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی چەندین دامەزراوەی جیاجای کۆمەڵگاوە ئەنجام ئەدرێت. (یوسف، 2017 : 183)

هەروەها گابریل ئەلموند (G.A Al mond & B. A powell) پێناسەی دەکەن بەوەی ئەو پرۆسەیەیە کە هاوڵاتی فێر ئاراستە و بەها سیاسییەکان دەکات کە لە ڕێگایەوە گشت ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانە کە ئەرکە لە سەریان لە کۆمەڵگادا دەبینن و بەرجەستەی دەکەن.

لانگتۆن (Langton.p.kementh) پێناسەی دەکات بەوەی ئەو پرۆسەیەیە کە ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگا لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزێتەوە، کە ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی کلتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان و

سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، لانگتۆن (Langton.p.kementh) پێی وایە کە تاك لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە چەندین ئاراستەی سیاسی فێردەبێت، لە ڕێگای دامەزراوە جیاجیاکانی کۆمەڵگا کە خێزان و خوێندنگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتی سیاسی و ڕاگەیاندنەکانە. (عامر، المصری، 2013 : 14 -15)

هەروەها (گرین شتاین و سیدنی) لە کتێبەکەیان بە ناونیشانی ئاراستەی سیاسی و ڕۆشنبیری سیاسی لای گەنجانی فەرەنسا پێناسەیان کردووە بەوەی کە (ئەم پرۆسەیە بریتییە لە پرۆسەی فێرکردنی تاك بە شێوەی فەرمی، یاخود نافەرمی و لە ڕێگای بەرنامەبۆداڕێژراو سەبارەت بە گشت ئەو خاسیەت و بەها سیاسییانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی سیاسییەوە هەیە لە گشت قۆناغە جیاوازەکانی تاك و لە ڕێگای چەندین دامەزراوەی جیاجیا لە کۆمەڵگادا. (ابراش، 1998 : 204)

ڕیتشارد داوسن لە پەرتوکی (پێگەیاندنی سیاسی) پێناسەی دەکات بەوەی پێگەیاندنی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە لە ڕێگایەوە تاك فێری گشت ئاراستە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆی دەبێت و لە ڕێگایەوە دەتوانێت درك بە گشت ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی دەوروبەری بکات و پێشبینی و هەڵسەنگاندن بۆ ژینگەی سیاسی بکات. ( داوسن، برویت، 1998 : 55)

لەم پێناسانەی کە بۆ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی کراون هەریەکە بەپێی بۆچوونی جیاوازی خۆی دەگۆڕێت و ڕەنگدانەوە ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە، هیچ نەوەیەکیش ئامادە نییە هەمان ئەو بیر و ڕاو ئایدیایانەی لە کۆمەڵگادا هەن و کۆن بوون وەك شێوەی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵکو دەبێت بگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵگا و گونجاوبێت لەگەڵ ڕووداو و قۆناغی نوێیاندا، هەر بۆیە کاتێك بمانەوێت پێناسەیەکی ڕێکاری بکەین بۆ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی، دەتوانین بڵێین: (بریتییە لە پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گرنگی دەدات بە فێرکردنی گشت و ئەو بەهاو نەریتە سیاسییانەی کە سیستم دەسەڵاتی سیاسی کاری پێدەکات و لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لە هەوڵدایە بۆ چاندن و فێرکردنی تاکی کۆمەڵگا، ئەویش لە ڕێگای سەپاندنی ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە سیستمی سیاسی بەرجەستەی دەکات، تاوەکو تاك هۆشیاری سیاسی هەبێت و هاوڵاتییەکی چالاکی لێ بەرهەمبهێنرێت، کە کار بکات لە ڕێگەی بەشداری سیاسی و ڕا و بۆچوونە سیاسییەکانی سەقامگیری سیاسی بهێنێتە دی و ڕەوایەتیی بدات بە دەسەڵاتی سیاسی و پاڵپشتی مانەوەی بێت.

**سێیەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**أ- مێژووی سەرهەڵدانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و گرنگی و خاسیەت و ئامانجەکانی**

پێگەیاندنی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگایەوە تاك فێردەکرێت تاوەکو ئاشنا بێت و شارەزایی هەبێت لەبارەی سیستمی سیاسی، هەروەها تاك هۆشیار دەکاتەوە تا چەند بەئاگابێت لە گشت ئەو بارودخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوونی ئاراستە و هەڵوێستە سیاسییەکان. (الاسود، 1990: 260)

بابەتی پێگەیاندنی سیاسی بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە جێگەی بایەخی دەسەڵاتداران بووە، بەڵام زانایانی بواری سیاسی بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداوە، دەسەڵاتداران بەمەبەستی مانەوە و پارێزگاریکردنیان لە هەر هەژموونێك و دەسەڵاتی خۆیان، گرنگی و بایەخی زۆریان داوە بە پرۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی سیاسی تاك، جگە لە دەسەڵاتداران فەیلەسوف و زانایانی بواری ئەنثرۆپۆلۆجی و دەروونناسی و کۆمەڵناسیش بایەخیان بەم بوارە داوە. (الاسود، 1990: 261)

sjh@univsul.edu.iq

هەندێك لە زانا و فەیلەسوفەکان پێیان وا بووە کە کۆمەڵگا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دروستبوونی ڕۆشنبیری سیاسی لای هاوڵاتییان، هەندێکیش پێیان وا بووە کە تاك خۆی، واتە کەسێتی تاك ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پرۆسەکەدا و هەر خۆی بڕیاری داوە کە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا پەسەند بکات، یاخود ڕەتی بکاتەوە. (الیاسري، 1998: 110)

فەیلەسوف و زانای چینی کۆنفۆشیۆس (551 – 479 پ.ز) یەکێك بووە لەو زانایانەی کە بایەخی زۆری داوە بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێی وا بووە کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان ئەزمونی منداڵی و بیر و ڕاو ئاراستە سیاسییەکان لای تازەپێگەیشتووان، هەروەها خێزانی بە یەکێک لە ژینگە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی ئەم پرۆسەیە هەژمار کردووە، چونکە کۆنفۆشیوس پێی وا بووە دامەزراوە نافەرمییەکان، وەك (خێزان – هاوڕێ – خوێندنگا) ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لەسەر دروستبوونی ئاراستە و بیروڕای سیاسی منداڵ و پێکهێنانی کەسێتییەکی بەهێز وەك لە کەناڵە فەرمییەکان، (پارتی سیاسی – ڕاگەیاندن... هتد)، چونکە کۆنفۆشیۆس پێی وایە منداڵ کاتێك فێری ڕێزگرتن و خۆشەویستی دایك و باوك دەبێت، ئەم ڕەنگدانەوەیەی گەورەیی هەیە، کاتێك گەورە دەبن هەمان ڕێز و خۆشەویستییان دەبێت بۆ سەرۆك و دەسەڵاتداران و حکومەت و سیستەمی سیاسی. (سالم، 2000: 27) هەروەها جەختی لەوەش کردۆتەوە کە بوونی دەسەڵاتدارانی گەندەڵ هۆکارەکەی نەبوونی ڕۆڵ و کاریگەری خێزانە، کە نەیتوانیوە ڕۆڵێکی بەهێزی هەبێت لە دروستکردن و ڕاهێنان و پێگەیاندنی هاوڵاتییەکی نموونەیی. (اسماعیل، 1997: 21)

سوکرات (469 – 399 پ.ز) پێی وابووە کە زانست و خوێندن بنەمای سەرەکی دروستبوونی مرۆڤ و هاوڵاتی نموونەییە، هەروەها هۆکاری بەدیهێنانی فەزیلەتە و جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕۆڵی دابونەریت و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا لە دروستبوونی بنەماکانی دیموکراتییەت و بڕوای بە گفتوگۆ هەبووە کە تاکە ڕێگایە بۆ لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیان. (الیاسري، 1998: 150)

ئەفلاتون (427 – 347 پ.ز) زۆر گرنگی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی داوە لە کتێبی (کۆمار)دا باسی لێوە کردووە و پێی وایە کە ئەم پرۆسەیە تاکە ئامرازە کە دەسەڵاتداران دەتوانن لە ڕێگایەوە تاکەکانی کۆمەڵگا ڕابهێنن و فێریان بکە بە شێوەیەك کە سوودی بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکەشیان هەبێت، بەمەش دەتوانرێت دەوڵەتێکی نموونەیی پێکبهێنرێت، کە ئەفلاتون هەمیشە بە گرنگییەوە باسی لێوە کردووە و جەختی لەسەر کردۆتەوە. (الیاسري، 1998: 152)

ئەفلاتون خوێندن و فێرکردن کۆڵەکەی سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتی نموونەیین و ئامانجیان دروستبوونی هاوڵاتی نموونەیی کە بتوانێت ڕۆڵی سەرەکی خۆی بگێڕێت. هاوڵاتی بەهۆی ئەو توانا و ئاستە زیرەکەی کە هەیەتی پێگە و ڕۆڵی خۆی دیاری دەکات لە کۆمەڵگا، تاوەك هیچ کەس مافی کەسی تر نەخوات و دووبەرەکی دروست نەبێت کە ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر سیستەمی سیاسی و حکومەت و دەوڵەت. ئەم پرۆسەیە بەپێی بیروڕای ئەفلاتون دەبێت هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێبکات تاوەکو هەستی خۆشەویست و ئیلتیمان بۆ خاك و نیشتمان بچێنرێت لای هاوڵاتیان و بەمەش ڕەوایەتی بدرێت بە دەسەڵات و حکومەت. (الدهان، 2014: 44).

ئەرستۆ (384 – 322 پ.ز) لە کتێبی (سیاسەت)دا گرنگی داوە بە پەروەردە و پێی وایە کە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی دەوڵەت کە پێویستە گرنگی پێ بدات، ئەرستۆ دەڵێت: دەوڵەت پێویستە بایەخی تەواو بدات بە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشتگوێی نەخات، چونکە بە پشتگوێخستنی ئەو پرۆسەیە، سیاسەت و سیستەمی سیاسی زەرەمەندی سەرەکی دەبن، چونکە هەموو کۆمەڵگایەك ڕۆشنبیرییەکی سیاسی هەیە کە دەسەڵاتدارانی دەیسەپێنن بەسەر هاوڵاتیاندا،

تاوەك هاوڵاتیان پشتیوانی بن و ئینتیمایان هەبێت بۆیان، هەروەها خۆشەویستییان بۆ سیستمی سیاسی و خاك هەبێت و پارێزگاری لێ بکەن و ئەرکی پاراستنیان بکەوێتە سەر شان. (اسماعیل، 1997: 21)

نیقولا مکیافلی (1469 – 1527ز) لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا چۆن دەسەڵاتداران بتوانن مانەوە دەسەڵاتی خۆیان بەهێز بکەن و مانەوەیان مسۆگەر بکەن و پشتیوانی زۆرینەی خەڵك بەدەستبهێنن، بە رای ئەو تاکە رێگە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییە کە تاك فێردەکات و رایدەهێنێت لەسەر گشت بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئایدۆلۆژیا و بەرنامانە کە دەسەڵات دەیەوێت لە رێگایەوە هێز و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، چونکە ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکگرتوویی لە ناو هاوڵاتیان و ئامانج و بەرژەوەندییەکان یەکدەخات، هەروەها میکافیلی دەسەڵاتدارانی ئاگادارکردۆتەوە کە لە رێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانن هاوڵاتیان ئاراستە بکەن و هەستی خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ خاك و نیشتیمان و دەسەڵات بتەو بکەن، بەمەش مانەوەی خۆیان زیاتر مسۆگەر بکەن. (سالم، 2000: 30)

جان بودان (1529 – 1596ز) بە هەمان شێوە جەختی کردۆتەوە لەسەر گرنگیدان بە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و کاریگەری لەسەر منداڵ تا ئەو کاتەی گەورەدەبێت و پێدەگات، بودان پێی وایە ئەو منداڵانەی کە لەلایەن دایك و باوکیان فێرناکرێن کە لە خودا بترسن و رێز لە بنەما ئاینییەکانیان بگرن، ئەوا قورسە بەڵکو مەحاڵیشە کە لە داهاتوودا فێر بن رێز لە دەسەڵاتداران بگرن.

تۆماس مور (1535 – 1587ز) پێی وا بوو بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی نموونەیی پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە هەر لە منداڵییەوە لە رێگەی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە فێربکرێن و رابهێنرێن تاکو هاوڵاتییەکی نموونەیی و لێهاتوو بەرهەمبهێنرێت کە لە دوارۆژدا سوودیان هەبێت بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا و هەروەها بۆ سیستمی سیاسی. (سالم، 2000: 31)

لە سەدەی 18 دا و لە سەردەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمە رۆڵی هاوڵاتی دەرکەوت، پێش ئەم سەردەمە زانایان هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە هاوڵاتی کە چۆن بیردەکەنەوە و چۆن بیروڕا و ئاراستەی سیاسییان جیاوازە و لە سیاسەت و پێشهاتە سیاسییەکان تێگەیشتون و لە کوێوە فێربوون، بەڵام دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و سیستمی ئابووری و شۆڕشی دیموکراتییەت لە سیستمی سیاسیدا، زانایان و بیرمەندان درکیان بە گرنگی و قورسایی بیروڕا و بۆچوونی جەماوەری کرد کە چەند گرنگی هەیە لە گۆڕەپانی سیاسیدا و دەتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات. (داوسن، برویت، 1998: 11)

بۆیە جان جاك روسو (1712 – 1778ز) هەمیشە جەختی کردەوە لەسەر گرنگی رۆڵی پەروەردە بۆ چاندنی بنەماکان و بەها و دابونەریتی کۆمەڵگا، کە پێیوای لە رێگایەوە دەتوانرێت تاك فێری خۆشەویستی و ئینتما بۆ نیشتمانەکەی بکرێت، تاوەکو ئامادەیی ئەوەی تیابێت لە پێناوی نیشتمانەکەی گیانی خۆی ببەخشێت. (الأسود، 1990: 260)

**خاسیەتەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی**

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی سێ خاسیەتی سەرەکییان هەیە، کە ئەویش:

1- پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەی تەڵقینکردن و فێرکردنی هاوڵاتییانە، واتە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە هاوڵاتی فێری ڕۆشنبیری سیاسی دەکرێت و گشت ئاراستە و بیروڕا سیاسییەکانی فێردەکرێت بەتایبەتی منداڵان و گەنجان تاوەکو هۆشیار بن و تێڕوانین و بۆچوونیان هەبێت لە بارەی گشت ڕووداوە سیاسییەکان و بەشدار بن لە بڕیاردانەدا، یان هەڵوێستیان هەبێت.

2- پرۆسەی گۆڕینی گشت بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییە کۆنەکانە کە لە ئێستادا و لەم قۆناغی نوێیەی ژیانی سیاسیدا ناگونجێت، یاخود لەگەڵ سیستمی نوێی سیاسیدا ناگونجێت، چونکە بەهاکان گرنگی تایبەتیان هەیە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگادا کە هۆکارێکن بۆ یەکگرتوویی و یەکبوونی هاوڵاتیان، بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش دەگۆڕێن لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر.

3- پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەی ڕەتکردنەوەی بەها سیاسییە کۆنەکانە کە ناگونجێت لەگەڵ سیستمی سیاسی نوێدا و ناگونجێت لەگەڵ ژیانی سیاسی نوێدا، لە هەمان کاتدا ئەم پرۆسەیە هۆکارێکە بۆ سەرلەنوێ دروستبوون و سەرهەڵدانی کۆمەڵێك بەهای نوێ کە بگونجێت لەگەڵ ژیانی نوێدا. (سلام، 2015: 29)

**لێرەوە ئاماژە بە گرنگترین بەهاکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەدەین:**

بەهاکان ڕێنیشاندەری ڕەفتار و ئاکاری تاکن لە کۆمەڵگادا و یارمەتی تاك دەدەن کە گشت کردەوە و ڕەفتارەکانیان بگونجێت لەگەڵ گشت ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی لە کۆمەڵگاکەیدا هەن، هەروەها لە ڕێگەی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگا پتەوتر دەبن و هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە، گرنگترین ئەو بەهایانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە و پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کاریان لەسەر دەکات، بریتین لە:

1- **بەهای ئینتیما:** مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە تۆوی ئینتیما لە ناخیا دروست دەبێت و گەشە دەکات لە ڕێگەی خێزانەوە و پاشانیش زیاتر گەشە دەکات لە ڕێگەی دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگاوە کە تێکەڵیان دەبێت.

2- بەهای ئازادی: ئازادی یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە کە حەز بە ئازادی دەکات، ئەم بەهایەش تاك فێری ئەوە دەکات کە چۆن ئازاد بێت لە ڕا دەربڕین و پاراستنی مافی خۆی و مافی بەرامبەرەکەی و چۆن بتوانێت ڕێز لە بیروڕای جیاواز بگرێت و پێکەوە بژین.

3- **بەهای یەکسانی و دادپەروەرەی:** ئەم بەهایە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تاك چۆن دەبێت بەیەکسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش هەر لە منداڵییەوە درکی پێ دەکات کاتێك لە خێزاندا بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ گشت ئەندامانی خێزاندا بکرێت، بێ جیاوازی لە جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان و پرکردنەوەیاندا.

4- **بەهای ڕێکخستن:** ئەم بەهایەش هەر لە منداڵییەوە لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکرێت و فێردەکرێت کە چۆن و چ کاتێك هەستێت بە کردەوە و چالاکییەکانی و چۆن بتوانێت بەرنامەی ژیانی ڕێك بخات لە گشت بوارەکانی ژیاندا، هەروەها چۆن بتوانێت هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانی ڕێکبخات لە کاتی پێویستیدا.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

5- **بەهای ئاسایش و سەقامگیری:** ئەم بەهایە لە ناو ناخی منداڵدا دروست دەبێت کاتێك هەست بە سەقامگیری بکات لە ناو خێزاندا و لەگەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەری و هەست بکات مافەکانی پارێزراون، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر جێگیری دەروونی و کاردانەوەشی دەبێت لە هەڵسوکەوتەکانیدا.

6- **بەهای هاوکاری و ڕۆحیەتی ئەرێنی:** ئەمەش لە ناخی منداڵدا دروست دەبێت کاتێك منداڵ فێردەبێت خۆی بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت و ئاشکرایان بکات، هەروەها پێداویستییەکانی خۆی بزانێت و بزانێت چۆن تێریان بکات، لە هەمان کاتدا فێردەکرێت چۆن بە هاوکاریکردن مافی خۆی و بەرامبەرەکەی بپارێزێت و دووربکەوێتەوە لە ڕۆحی خۆپەرستی و خۆویستی. (عبد المنعم، 2013 : 76)

### گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی گرنگی دەدات بە چۆنیەتی گواستنەوەی ڕۆشنبیری سیاسی لە کۆمەڵگادا لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر، هەر بۆیە گرنگی دەدات بە کەسێتی تاك و چۆنیەتی گەشەسەندن و ڕاهێنان و فێرکردنی، تاوەکو تاك بەئاگابێت و توانای دەربڕینی ڕا و بۆچوونی هەبێت سەبارەت بە هەر بابەتێك کە پەیوەندی هەیە بە داهاتووی وڵاتەکەی و شارەزا بێت لە گشت بابەتە سیاسییەکان، گرنگی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە کە پردێکی پەیوەندی دروست دەکات لەنێوان هاوڵاتییان و دەسەڵاتی سیاسی و هاوڵاتی بەئاگادەبێت بە کار و چالاکییەکانی سیستەمی سیاسی و لە هەمان کاتدا فێردەبێت کە ئەرك و فەرمانەکان چین کە پێویستە وەك هاوڵاتییەك پابەند بێت پێوەی تاوەکو بتوانێت پارێزەر و پشتیوانی ئەو سیستەمە بێت و شەرعیەتی پێ بدات بۆ مانەوە و بەردەوامی سیستەمەکە لەپێناوی بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی. (المشاقبە، شقیر، 2020: 20)

لە سەدەی بیستەم دا گرنگی و بایەخی ئەم پرۆسەیە زیاتر بوو بەتایبەت دوای پەرتوکەکەی (هربرت هایمان) بە ناونیشانی (پێگەیاندنی سیاسی ساڵی 1959) ئەم گرنگییەش دەتوانێت بیگێڕینەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، کە ئەوانیش:

1- کێشەی نەبوونی یەکگرتوویی و یەك هەڵوێستی نەتەوایەتی لە گشت وڵاتانی جیهان بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە لە چەندین گرووپ و کۆمەڵی جیاجیا پێکهاتوون لە ڕووی زمان و ئاین و نەتەوایەتییەوە، هەر بۆیە گرنگ بوو لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە هاوڵاتیان هۆشیار و ڕۆشنبیر بکرێن تاوەکو بتوانن یەکتر قبووڵ بکەن و پێکەوە بژین و شوناسێکی نەتەوایەتییان هەبێت.

2- گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە هەنگاوی دەنا بەرەو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی چەندین بەها و ڕۆشنبیری نوێ بونیادبنرێت بەمەبەستی بەدیهێنانی گەشەسەندنی سیاسی، تاوەکو بتوانێ لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکبگرنەوە. (الدباغی، 2018: 138)

3- لەو سەردەمەدا جیاوازی بیروڕا و ئایدۆلۆجیا هەبوون کە ببوون بە دوو بەرەوە، بەرەیەکیان سەرمایەداری و بەرەیەکیش سۆشیالیستی بوون و هەریەکەیان لە هەوڵدا بوون تاوەکو ئایدیای خۆی بسەپێنێت، هەر بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی گرنگ بوو، تاوەکو بتوانێت ڕۆڵی پەروەردەکردن و بەڕۆشنبیرکردنی بێت، تاوەکو فێری هەریەك لەو ئایدۆلۆجیانەیان بکات لە بابەتی گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، چونکە بەها و بیروڕا سیاسییەکان

جیاوازن و دەگۆڕێت لە سیستمێك بۆ یەكێكی تر و لە ئایدۆلۆجیایەك بۆ یەكێكی تر، بۆ نموونە لە سیستمی لیبڕاڵیدا بەهای ئازادی تاك گرنگی زۆری پێدەدرێت، زیاتر لە بەهاكانی تر و لە سیستمی ئیشتراكی و سۆشیالیستی دا بەهای یەكسانی گرنگی زیاتری پێ دەدرێت و لە سیستمی ئیسلامیدا بەهای دادپەروەری جێگای بایەخ و گرنگە. (سلام، 2015: 32)

4- لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆجیادا و زیادبوونی پێداویستییەكانی خەڵك و بە بوونی توانای دەسەڵات و سیستمی سیاسی لە بەدیهێنانی و كە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری سیاسی، هەر بۆیە دەسەڵاتی سیاسی، دەوڵەت هەوڵیان دا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە خەڵك فێربكەن كە بابەتە نەتەوایەتی و خاك و نیشتیمان و پیرۆزییەكانی گرنگترن لە هەموو شتێك و مانەوەی سەقامگیری سیاسی پابەندە بە جێگیری و مانەوەی دەسەڵات و سیستمی سیاسییەوە. (الدباغی، 2018: 139)

**ئامانجەكانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی:**

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەكی فێركارییە كە ئامانجی سەرەكی فێركردنی گشت ئەندامانی كۆمەڵگایە سەبارەت بە بنە و بەها و بیر و ڕا سیاسییەكانی كە پەیوستن بە ژیانی سیاساییەوە، هەروەها لە ڕێگایەوە تاك فێردەبێت چۆن پابەندبێت بە یاساكان. (عامر، المصری، 2013: 23)

ئەم پرۆسەیە كۆمەڵێك ئامانجی هەیە كە ئەم ئامانجانەش دەگۆڕێت بەپێی سیستم و كۆمەڵگا و ئەو ڕۆشنبیرە سیاسییەی كە هەیە و دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسی پەیڕەوی دەكەن، زانایانی بواری  سیاسی كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەم پرۆسەیە ئامانجی سەرەكی بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسییە، بۆ بەدیهێنانی ئەم سەقامگیرییەش پێویستە تاك لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە هۆشیاربكرێنەوە و فێربكرێن كە پابەندی یاساكان و بەها و دابونەریت بن، هەر كاتێك كەسێك یاخی بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین نەتوانراوە لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی ئەو كەسانە پابەند بكرێن و ملكەچی سیستم و ڕۆشنبیری سیاسی ئەو كۆمەڵگایەن بن. (الطیب، 2001: 43)

دەتوانین گرنگترین ئامانجە سەرەكییەكانی ئەم پرۆسەیە لەم چەند خاڵەدا ڕوون بكەینەوە:

1- بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی: (دیفید استون، روبرت هیس) پێیان وایە كە دەسەڵاتداران هەموو كارێك دەكەن لەپێناوی مانەوە و بەردەوامی دەسەڵاتەكەیان هەر بۆیە پێیان وایە كە ئەم بابەتە تەنها بەهۆی پارە و هێزەوە ناتوانرێت بێتە دی، بەڵكو هەوڵ دەدەن لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە ئەندامانی كۆمەڵگاكە ئاشنا بكەن و فێریان بكەن سەبارەت بە گشت ئەو بەها و ڕۆشنبیرییە سیاسییەی كە لە كۆمەڵگادا هەیە، یاخود هەوڵ بدەن ڕۆشنبیرییەكی نوێ دروست بكەن و بنیاد بنێن، تاوەكو ئەوەی بەرهەمبهێنێت كە لەگەڵ بارودۆخی دۆخی نوێ و گۆڕانكارییە سیاسییەكاندا بیانگونجێنن و لایەنگر و پشتیوان بۆ خۆیان پەیدا بكەن و ڕەوایەتی بدەن بە دەسەڵاتەكەیان، هەر لێرەوە دەتوانن سەقامگیری سیاسی مسۆگەر بكەن، بۆیە ئامانجی سەرەكی ئەم پرۆسەیە سەقامگیری سیاسییە، تاوەكو سیستمی سیاسی مانەوەی خۆی درێژە پێبدات و بەردەوام بێت. (عامر، المصری، 2013: 23)

2- ئامانجی ئەم پرۆسەیە هەوڵدانە لە ڕێگای هۆشیاركردنەوەی ئەندامانی كۆمەڵگا و بەئاگابوونیان و فێركردنیان كە بتوانن بیر و ڕای خۆیان دەربڕن و هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر هەر كردوەیەك، یاخود گەندەڵییەك، یان بابەتێكی سیاسی كە لە ڕێگای سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە ئەم هۆشیارییە هۆكارێكە بۆ

دروستبوونی گۆڕانکاری سیاسی ڕووخاندنی دەسەڵات، ئەویش زیاتر لەو سیستەمە دیموکراسییانەدە پەیڕەودەکرێت کە بڕوای بە گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیە و گوێ لە ڕەخنە و بیروڕای خەڵك و جەماوەر دەگرێت. (عامر، المصری، 2013: 24)

3- چاندن و گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان و خاك و سیستمی سیاسی لەناو ئەندامانی کۆمەڵگا ئەرکی سەرەکی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییە، تاوەکو تاك ئامادە بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کارێکی دوژمنانە، یاخود هەر هەڕەشەیەك کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سەقامگیری سیاسی و خاك و نیشتیمان.

4- چاندن و گەشەپێدانی هەستی ڕێزگرتن لە یاسا و بەجێهێنانی ئەرکەکان، تاوەکو هەموو هاوڵاتییەك فێربکرێت کە ئەرکەکانیان چییە و لە بەرامبەردا مافەکانیان چین، وە هەروەها تاك فێری بەها ئازادییەکان بێت و دووربکەوێتەوە لە هەستی خۆپەرستی و کار بکەن بە هەرەوەز و بەکۆمەڵ بۆ پاراستن و مانەوەی سیستمی سیاسی و پاراستنی خاك و وڵات.

5- فێرکردنی گشت بنەماکانی دیموکراسیەت و یەکتر قبوولْکردن و پێکەوەژیان و دوورکەوتنەوە لە هەستی ڕەگەزپەرستی و جیاوازیکردن لەنێوان نەتەوەکانی تر کە لە ڕووی ئاین و ڕەنگ و زمان و کلتور جیاوازن، وە هەروەها تاك فێربکرێت کە هەموو کەسێك ئازادە چۆن بیربکاتەوە و چۆن هەڵسوکەوت بکات بەو مەرجەی زیانی نەبێت بۆ بەرژەوەندی و مافی کەسانی تر، هەروەها تاك ڕابهێنرێت و هۆشیار بێت سەبارەت بە بابەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە هەر شوێن و پێگەیەك بێت، ئەمەش بەمەبەستی بەدیهێنانی کەشێکی لەبار بۆ پێکەوەژیان و بەردەوامبوون. (عامر، المصری، 2013: 24)

6- ئەم پرۆسەیە ئامانجی بەتواناکردن و ڕۆشنبیرکردنی ئەندامانی کۆمەڵگایە تاوەکو بتوانن هۆشیارانە مامەڵە بکەن لە کاتی ڕووداوە سیاسییەکاندا و بیرکردنەوەیەکی واقعی و زانستیانەیان هەبێت و بتوانن بەشداری بکەن و ڕۆڵێکی گرنگ و ئەرێنیان هەبێت لە چارەسەرکردنی بابەتەکاندا. (عامر، المصری، 2013، 25)

7- گەشەپێدانی خودی سیاسی لای تاك:

خودی سیاسی بەواتای گشت ئەو هەستە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەی کە تاك هەیەتی، یاخود شێوازی بیرکردنەوە و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە باوەڕی پێیەتی، یاخود پشتگیری و لایەنگیری بۆ هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی کە هەبێت و هەر هەڵوێستێکی سیاسی، ئەم خودی سیاسییە لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە بەدیدێت کە یەکێکە لە ئامانجەکانی، چونکە هەر وەك (جورج هیربرمید) باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (خودی مرۆڤ ئەو شتەیە کە لە ڕێگای پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندن دروست دەبێت و منداڵ هەرلەخۆیەوە فێری نابێت، ئەم فێربوونەش لە ڕێگای چەندین دامەزراوەی سەرەکییەوە دەبێت کە مرۆڤ لە ژیانی دا تێکەڵیان دەبێت و پەیوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات. (داوسن، برویت، 1998: 62 – 63)

8- ئەم پرۆسەیە تەنها گرنگی بەوە نادات کە تاك هۆشیار و شارەزایی هەبێت بەرامبەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی وڵات، بەڵکو تاك هۆشیار دەبێت و بەئاگادەبێت لە هەر ڕووداو و بابەتێك کە لە دەرەوەی وڵاتدا ڕوودەدەن و کاریگەری هەیە لەسەر جیهان و لەسەر ژیانی لە ئێستا و داهاتوودا، تاوەکو بتوانێت چۆن ڕووبەڕووی بێتەوە و ئامادەکاری بۆ بکات. (المیمان، 2008: 24)

**قۆناغەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی:**

هەموو پرۆسەیەك بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت، تاوەکو بتوانێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، ئەوەی کە جێگای پرسیارە و دەبێت بکرێت ئایا پرۆسەی فێربوون و پێگەیاندنی سیاسی چ کاتێك دەستپێدەکات و چ کاتێك تەواو دەبێت؟ ئایا پەروەردە و فێرکاری سیاسی لە قۆناغەکان وەك یەکن؟ ئایا فێرکردن لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵی کاریگەری هەیە لەسەر تاك لە تەمەنی هەرزەکاری و پێگەیشتن دا؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە گرنگترین ئەو قۆناغانە بخەینە ڕوو کە پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندنی سیاسی پیادا تێدەپەڕێت...

1- قۆناغی منداڵی: تیۆرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان گرنگی زۆریان داوە بەساڵانی سەرەتای منداڵی و کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەسێتی و هەروەها دروستبوونی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان. (افلاتون و جان جاك روسو) گرنگی زۆریان داوە بە قۆناغی منداڵی و ئەو زانیاری و بابەتانەی کە منداڵ لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیان فێری دەبن و کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی هاوڵاتی نموونەیی. (داوسن، برویت، 1998: 74)

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکات هەر لەو کاتەی کە تاك توانای هەبێت پەیوەندی بکات لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ئەوا کار لەسەر جووڵاندنی هەست و سۆزی دەکرێت ئەویش لە ڕێگای هێما و ئاڵا و کەسایەتییە سیاسییەکان، منداڵ لەم قۆناغەدا ئاراستە و بیرکردنەوەکانی جێگیر نین، چونکە زانیاری تەواوی نییە لەسەر شتەکان، ئەم قۆناغە لە تەمەنی (3 ساڵی)یەوە دەست پێ دەکات، منداڵ لەم تەمەنەدا هەستی خۆشەویستی بۆ خێزان و دایك و باوك پەیدا دەکات و لەگەڵ گەورەبوونیدا خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتیمان دروست دەبێت و گەورە دەبێت، پەیوەندی منداڵ لەم تەمەنەدا لەگەڵ ژینگەی سیاسی دا ئەو کات دەردەکەوێت کە خۆشەویستی خۆی بۆ پیاوێکی پۆلیس، یاخود پێشمەرگە، یاخود سەرکردەیەك دروست دەبێت. (سالم، 2000 : 56)

لە توێژینەوەیەکدا کە فرید جرنشتاین (Fred Greenstein) و توێژینەوەی (دیفیر استون (D.Easton) روبیرت هیس (R.Hess) جەخت لەوە دەکەنەوە کە منداڵ لە قۆناغەکانی تەمەنی نێوان (پۆلی دووەمی سەرەتایی تا چواری سەرەتایی) لایەنگری حیزبی دەبێت و پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵەیەك، یاخود پارتێکی سیاسی، بەڵام بێ ئەوەی درك بەوە بکات کە بۆچی بۆتە لایەنگری، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا دەتوانێت ڕای خۆی دەربڕێت، تەنها بەهۆی لاساییکردنەوەی ئەندامانی خێزان، یاخود هاوڕێیەکانیەوە ئەم شتانە فێردەبێت و دەیڵێتەوە، هەروەها منداڵ لە ساڵانی (3 – 4)ی تەمەنی ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە سەر بە چ تایەفەیەکی ئاینی و ڕەگەز و ڕەنگێکە، هەر ئەم (دوو) توێژینەوەیە ئەوەشیان دەرخستووە کە منداڵ لە ساڵانی یەکەمی خوێندندا هەستی ڕەگەزپەرستی (Racial Attitudes)یان لا دروست دەبێت. هەروەها ئەمەش لە کاردانەوەی ڕەفتارەکانیدا دەردەکەون کە منداڵ لە قۆناغی سەرەتای خوێندندا دەزانێت سەر بە کۆمەڵە و ئاین و ڕەنگێکە و ئینتیما و سۆزی بۆ دەبێت، واتە دەزانێت کوردە، یان عەرەب، یان تورك... هتد یان موسوڵمان، یاخود مەسیحی، یان جوولەکە. (داوسن، برویت، 1998: 76)

لە تەمەنی (10 ساڵی و 11 ساڵیدا) منداڵ دووردەکەوێتەوە لە تێروانینی کەسێتی و سۆز، بەڵکو توانای درککردنی زیاتردەبێت، بۆ نموونە منداڵ سەیری سەرۆك دەکات وەك باوك و کەسێتی خۆشەویست کە خاوەن پۆست و هێز و دەسەڵاتە، بەڵام لە تەمەنی (10 بۆ 11 ساڵی) تێروانینی بۆ سەرۆك دەگۆڕێت و تێدەگات کە سەرۆك کێیە و ئەرك و واجبی چییە و ڕۆڵ و پێگەی لە کۆمەڵگادا چییە. (سالم، 2000: 56)

2- قۆناغی هەرزەکاری: لەم قۆناغەدا مرۆڤ گۆڕانکاری گەورە لە جەستە و دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن و هەرزەکار فێردەبن چۆن ببنە کەسانێکی پێگەیشتوو، ئەویش لە ڕێگەی فێربوون و گەشەدان بە تواناکانیان، لەم قۆناغەدا مرۆڤ حەز بە ئازادی دەکات و بڕوای بە خۆی زیاتر دەبێت، هەر بۆیە هەوڵ دەدات لەژێر کاریگەری و دەسەڵاتی دایك و باوکی بێتە دەر. (داوسن، برویت، 1998: 83)

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە، چونکە مرۆڤ لەم قۆناغەدا چوارچێوەی پەیوەندییەکانی فراوانتر دەبن و کارلێك لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خێزان دەکەن و تێکەڵ دەبن و هەروەها خۆیان دەدۆزنەوە، هەر زوو ئارەزووەکانیان دەردەکەون و هەستی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان لەلایان زیاتر دەبێت، هەروەها درك بە کێشە سیاسییەکان دەکەن، هەروەها هۆکاری ئەو کێشانە و هەر بۆیە لەم قۆناغەدا لە تاکێکی خۆپەرست دەبێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵی دەوروبەر دەبێت و بازنەی پەیوەندییەکانی فراوانتر دەکەن و پێیان وایە کە چارەسەری کێشەکان پێویستی بە کاری هەرەوەزی و کۆدەنگی هەیە، هەر بۆیە کاتێك کۆبوونەوەیەکی جەماوەری، یاخود گردبوونەوەی خۆپیشاندانێ ڕوودەدەن، ئەم چینە بە گڕوتینی زیاترەوە بەشدار دەبن و پشتگیری دەکەن، هەروەها لە کاتی کۆبوونەوە حزبییەکاندا زیاتر ئامادەییان هەیە بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لەم قۆناغەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەبێت. (سالم، 2000: 57)

3- قۆناغی پێگەیشتن:

زۆر لە زانایان پێیان وایە کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا لەژێر کاریگەری گشت ئەو بیروڕا و ڕۆشنبیرییانەدا دەبێت کە لە تەمەنی منداڵییەوە فێری بوون، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان، توێژینەوەکان زۆر کەمن کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە تاك هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەڵگری هەمان ئاراستەی سیاسی بێت و هەمان لایەنگری هەبێت بۆ سیستمێکی سیاسی دیاریکراو، یان حیزبێکی سیاسی. (داوسن، برویت، 1998: 108)
چونکە مرۆڤ ئەو بابەت و بیروڕا و ئاراستە سیاسییانەی کە لە قۆناغی منداڵیدا فێری دەبێت ناتوانێت تا سەر لەسەر هەمان ئەو بیروڕایانە بمێنێتەوە، منداڵ دوای ئەوەی لە ژینگەی خێزان دێتە دەرەوە بەرکەوتن و کارلێکی لەگەڵ کەسانی تازە و جیاواز لە ڕووی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیا و ڕەفتار دروست دەکات، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ کارکردنە سەر تاك کە بیر و ڕا و بۆچوونە سیاسییەکانی بگۆڕێت. (سالم، 2000: 59)
ئەگەر لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری ئەم پرۆسەیە ئامانجی ڕاهێنان و گونجاندن بێت لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوا لە قۆناغی پێگەیشتندا ئەم ئامانجە دەگۆڕێت و فێردەکرێن چۆن بتوانن کەسانێکی لێهاتوو و بەتوانابن و لێپرسراویەتی هەڵبگرن، بۆ نموونە ئەندام پەرلەمان، یاخود ئەندامی پارتێکی سیاسی و نوێنەرێکی سیاسی و حکومی دەزانن ڕۆڵیان چییە و چۆن دەبێت ئەو ئەرکەی هەیانە جێبەجێی بکەن، لەم قۆناغەدا پێگەیاندنی سیاسی لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیدا دەبێت، بەواتای لەم قۆناغەدا پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کار دەکات لەسەر جێگیرکردنی بیر و ڕا و ئاراستە سیاسییەکان و ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و ڕووداوەکاندا، هەندێك جار ڕووداوە سیاسییە کتوپڕەکان و گۆڕانکارییەکان پێویست دەکات کە بیروبۆچوونە سیاسییەکان بگۆڕدرێن و بیر و باوەڕی تازە جێگای کۆن بگرێتەوە، لە گۆڕەپانی سیاسیدا سەرکردە و حیزبە سیاسییەکان دێن و دەڕۆن، ئەوەی لەسەر کەسە پێگەیشتووەکانە هەڵیانسەنگێ و کەسانی نوێ دیاری بکەن بۆ سەرکردایەتیکردن، هەروەها هەندێك جار پارتە سیاسییەکان بیر و ڕا و

sjh@univsul.edu.iq

دروشمەکانیان دەگۆڕن و هاوپەیمانێتی نوێ دەبەستن، هەر بۆیە ڕۆڵی ئەندامەکانی لێرەدا قبوڵکردن، یاخود ڕەتکردنـەوەی ئەو گۆڕانکاری و هاوپەیمانێتییەیە.

هەندێ ڕووداوی سیاسـی دەبنـە هۆی زیـادکردنی هەسـتە نەتەوایـەتی و یـاخود پشـتیوانیکردنی پـارتێکی سیاسـی و هانیـان دەدات کە بە گۆڕینەوە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکەن، جا لە ڕێگای دەنگدانـەوە بێت، یـاخود بەشـداری کۆبوونـەوە و چالاکییە حیزبـی و سیاسییەکان بێت، هەندێکی تـریش زیـاتر هەسـت بـە نـامۆبوون دەکـەن و هەسـتی ئـەوەیان لا دروسـت دەبێت کە بەشداریکردن و نەکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا هیچ گۆڕانکارییـەك دروسـت ناکـات. (داوسن، برویت، 1998: 114)

هەر بۆیە لەم قۆناغەدا پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی جۆرێك لە جێگیری بەخۆیـەوە دەبینێت و کـار دەکـات لەسـەر ڕەفتـاری تـاك، مـرۆڤ لـە قۆنـاغی منداڵیـدا لەلایـەن خێزانـەوە فێردەکرێـت و ئامادەدەکرێـت، تـا بتوانێـت ڕووبەڕووی ژینگەی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام لە قۆناغی پێگەیشتندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری پارتـە سیاسی و ڕێکخـراوە مەدەنی و جەماوەرییەکانی کە پەیوەندییان پێوە دەکات و هەروەها دەکەوێتە ژێر کاریگەری سۆشیاڵ میدیا و هەر بۆیە لـەم قۆناغـەدا زیـاتر توانـای دیـاریکردنی بژاردەکانـە. (المیمـان، 2008: 55) بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی پێگەیانـدنی سیاسـی بـە شـێوەیەکی تەندروسـت ئـەنجام بـدرێت ئامانجـەکانی بپێکێـت، پێویسـتە لەسـەر هەریەکـە لـە دامـەزراوە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەکان کاربکـەن بـۆ فێرکـردن و ڕاهێنـانی تـاك و ڕۆڵ و گرنگـی پێگـەیان بـەرز بنـرخێنن لـە دروسـتکردنی گۆڕانکارییەکان ئەویش لە ڕێگەی هاندان و هۆشیارکردنەوەیان بۆ بەشداریکردن لـە پرۆسـە سیاسییەکان وەك دەنگدان و کۆبوونەوە حزبی و جەماوەرییەکان.

**چوارەم/ تیۆرەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی**

ئەم پرۆسەیە هەرلە کۆنەوە جێگای بایەخی زانایان و دەستە بژێری سیاسی بووە، بۆیە گرنگی زۆریـان داوە بە کێشـەکانی فێرکردن و ئاراستە کردنی سیاسی تاک (Education politique) و هەوڵیـان داوە لە ڕێگـای چەنـدین ئـامرازەوە بـایەخ بدەن بەم پرۆسەیە و گرنگی و کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی و کۆمەڵگا. (العاني، 1986: 121)

قوتابخـانەی وەزیفـی بە بـایەخەوە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر ئەم بـابەتەکردووە و بەو پـێ یەی کە پێگەیانـدنی سیاسـی بنەمـای سـەرەکی سیاسـەتەو وەزیفـی یەکـان بـابەتی پێگەیانـدنیان وەک میتۆدی لێکۆڵینەوە بەکارهێنـاوە بەوپـێ یەی ئەم پرۆسـەیە هۆکارە بۆ هێشتنەوە و پارێزگاری کردنی سـەقامگیری سیاسی سیسـتمی سیاسـی و ڕاهێنـان و گونجانـدنی تاکەکـان لەسـەر بەرنـامەی یـاخود ڕۆشـنبیری سیاسـی تـایبەت بەو سیسـتمە هەر بـۆیە پێناسـەی پێگەیانـدنی سیاسـی دەکەن بەوەی (ئەو پرۆسەیەیە کە سەقامگیری و بەردەوامی سیستمی سیاسی دەپارێزێت).

بیرمەندە أمریکی یەکان زیاتر بایەخ و گرنگی دەدەن بە پاراستن و سەقامگیری سیستمی سیاسی و بەڵام بیرمەنـدەکانی تـر لە ئەوروپـا و فەرەنسـا بە تـایبەت بیرکـردنەوەی جیاوازیـان هەیە کە لە خسـتنەڕووی تیرۆرەکانـدا گرنگتـرین بیـرو بۆچونەکانمان بۆ دەردەکەوێت.

– **یەکەم/ تیۆرە کلاسیکییەکان:-**

پەیوەندی توند هەیە لە نێوان توێژینەوە و شیکردنەوەی تیۆرەکان لە بارەی بـابەتی پێگەیاندنی سیاسـی و ئەو تیۆرانەی کە باسیان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی کردووە. ئەنتونیۆ ئۆریوم (A.orum) لە کتێبی (زانسـتی کۆمەڵناسـی

سیاسی)دا چەندین تیۆری دەروونی (social psychology) بەکارهێناوە کە لێکۆڵینەوەی لە گشت قوناغەکانی گەشەسەندنی زانستی و مەعریفی بیان کردووە لای تاک بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنیان، گرنگترین ئەو تیورانەی کە دەتوانین بڵێین لە ڕێگایانەوە لێکۆڵینەوە کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی بکەین بریتییە لە:-

**1- گەشەسەندنی مەعریفی (cognitive Development theory)**

ئەم تیۆرانە ڕۆڵی گرنگییان هەبوو لە تێگەیشتین و گەشەسەندنی بیروڕای سیاسی و لەو تویژینەوانە زۆر کاریگەرییان هەبوو لەم بوارەدا ئەو توێژینەوەیە بوو کە زانا (جان بیاجیە Jean piaget) پێی هەستاوە و پێی وایە کە توانای گەشەسەندنی فکری و مەعریفی لای تاک بە چەندین قۆناغدا تێ دەپەڕن و هەر لەمەشەوە منداڵ ئاراستە و بیروڕای سیاسی لەلای دروست دەبێت و گەشە دەکات و لەگەڵ گەشەسەندنی توانا عەقڵییەکانی ئەم ئاراستانەش گەشە دەکەن (داوسن، برویت، 1998: 60-61)

لورانس کوهلبرج- L. kohlbwery) پێی وایە کە سیستمی مەعریفی و درک کردن لەلای تاک لە شتەکانی دەوروبەری وەک (ڕەفتار- قسە- هێما و هەڵسوکەوت و بیروڕا) هەمووی لەسەر بنەمای سایکۆلۆجی ئەوکەسە دروست دەبن کە هەر لە منداڵیەوە چۆن فێر دەکرێت یاخود ڕادەهێنرێت پاشان لە تەمەنی هەرزەکاریدا بیر لە شتەکان دەکاتەوە و بۆ چوونی تایبەت بە خۆی لا دروست دەبێت و هەر لەو ڕێگایەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکات لە قۆناغی پێگەیشتن و کۆتاییدا بە شێوەیەکی کامڵ و ئاقلانە دەڕوانێتە بابەتەکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات وەک ڕووداوە سیاسەکان سەرکردەو کەسە سیاسیەکان و بەهاو ئاکار و داب و نەریت و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان (عبدالرحمن، ٢٠٠١: ٤٤٧)

گرنگترین ئەو توێژینەوانەی کە باس لە گەشەسەندنی مەعریفی تاک دەکەن دەتوانین بڵێین:

**2- تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕە** (Social Alternat Custody)

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەم بنەمایانە دروست بووە کە ئەوانیش:

- پەیمانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆر:- لێرەدا دایک و باوک هەوڵ دەدەن بە هەموو هێزو توانایەک کاربکەن لەسەر چاودێری و فێرکردنی منداڵەکەیان چونکە لە قۆناغی منداڵیدا منداڵ پێویستی بە دایک و باوکیەتی و پشت بە ئەوان دەبەستێ لەگەڵ بەردەوامی گەشەسەندنی منداڵ و تێ پەڕبوونی بە چەندین قۆناغی جیاواز منداڵ وردە وردە پشت بەخۆی دەبەستێت و پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکیدا بەهێزتر دەبێت و لێرەدا قۆناغی گۆڕینەوە و سود لەیەک وەرگرتن دەردەکەوێت منداڵ لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک شت لەدایک و باوکی فێر دەبێت و لەبەرامبەردا گوێرایەڵیان دەبێت و لە قسەیان دەرناچێ بە مانایەکی تر منداڵ هەموو شتێ فێر دەبێت لە دایک و باوکی لە بەرامبەردا گوێرایەڵیان دەبێت و ڕێزیان لێ دەگرێت.

- ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تەواوکاری:-

ئاشکرایە کە هەموو تاکی لە هەر سیسمێ کابێ هەمیشە هەوڵ دەدات ڕەفتار و هەڵس و کەوتی خۆی بە شێوەیەک ڕێک بخات کە لەگەڵ هەموویان بگونجێت واتە هەمیشە لە هەوڵی خۆگونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگا و سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا.

- ڕەفتاری تاکەکانی لە گروپێکدا، یاخود کۆمەڵێکدا:-

ڕەفتاری ئەندامانی هەر گروپێ هەمیشە لێک دەچن، چونکە هەر کەسێ بیەوێت ببێتە ئەندام لە گروپێکی دیاری کراودا هەوڵ دەدات بیروڕاو ڕەفتارەکانیان لێک بچێت، لە کاتێکدا تاک نەیتوانی ڕەفتارو کردارەکانی وەک گروپەکە بێت یاخود جیاواز بێت ئەوا لە گروپەکەدا دووچاری دۆڕان و ڕەخنە دەبێتە (أبو جادو، 2002: 57- 58)
بەپێی ئەم تیۆرییە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەم تیۆرە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر لایەنی ئاکاری لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی و پێویستە تاک کارلێک بکات و لە پەیوەندی تەندروستدا بێت لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گەورە دەبێت هەروەها ڕۆڵی تاک لە گروپ و کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی ئەرێنی و ئاڵوگۆڕ کراو بێت لە نێوانیاندا، هەروەها ئەم تیۆریە جەختی کردوەتەوە لەسەر ڕۆڵی پاداشت و سزادان لە پتەوکردن و لاوازکردنی پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگاوە و هەروەها ڕۆڵی لە دروست بوونی تەواوکاری کۆمەڵایەتی (التكامل الاجتماعي) .

### 3- تیۆرییەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی Social Role Theory

ئەم تیۆریە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو چالاکییانە شی بکاتەوە وە لە سایەدا منداڵ دەبێتە ئەندامێک لە گروپێکدا، یاخود کۆمەڵگایەکدا و هەروەها هەڵدەسێ بە ئەنجامدانی ئەرک و فەرمانەکانی هەروەها لە هەوڵدایە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ بەو پێ یەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گشت بنەما شارستانی و کەسی و کۆمەڵایەتیەکان لە خۆی دەگرێت هەروەها ئەم تیۆریە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە بزانێت ئایا تا چەند ئەو ڕەفتارو کردارو بیرکردنەوانەی تاک هەڵقوڵاوی ئەو ڕۆشنبیریەیە کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەیە، هەروەها تاک ڕۆڵی خۆی دەبینی لە کۆمەڵگادا لە ئەنجامی تێکەڵاو بوون و پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان تاک و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدا دروست دەبێت. بێگومان چەند ڕێگایەک هەیە کە تاک لە ڕێگایەوە فێری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی دەبێت.

1 - فێرکاری مەبەستدار:- بە مانای سیستمێ یاخود دامەزراوەیەکی بە مەبەست و ڕاستەوخۆ کار بکات لەسەر فێرکردنی تاک و تاک ئاشنا بکات بە گشت داب و نەریت و ڕەفتار و ئاکارە دیاری کراوەکانی کۆمەڵگا.
2 - فێرکاری بێ مەبەست:. بەمانای تاک لە ڕێگای تێکەڵ بوونی لەناو خێزان و هاوڕێ و ژینگە کۆمەڵایەتیەکان فێر دەبێت کە ڕۆڵی چیە لە کۆمەڵگا و چۆن ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەناویاندا.
(عبدالرحمن، 2001: 448)

بیروباوەڕەکانی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و بەدوادا چوونەکانی زانایانی دەروونناسی شالز کولی ( c. cooley) وجورج مید (G.mead) کە لە سەدەی بیستەمدا سەریی هەڵداوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی فێرکردن و گەیاندن و گواستنەوەی ئاراستەکان لە ڕێگای دامەزراوە جیاوازەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت بە تایبەت خێزان چونکە خێزان وەک یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی ئەم پرۆسەیە کە هەمیشە لە هەوڵدایە تاک فێر بکات چۆن بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەناو کۆمەڵگاو ڕۆڵ و پێگەی خۆی دیاری بکات هەروەها زانای

کۆمەڵناسی ڕۆبرت میرتون (R. merton) هەوڵی دا سوود لەم تیۆریە ببینێت و لە ڕێگایەوە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی شیکاری بکات و لێکۆڵینەوەی بکات لەسەر خوێندکارانی خوێندنگاکانی زانکۆکانی ئەمریکا (عبدالرحمن، 2001: 448).

### 4- تیۆری فێرکردنی کۆمەڵایەتی Social Larning Theory

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی فێرکارییە، چونکە کار دەکات لەسەر گۆڕین و چاککردنی ڕەفتاری تاک، تاک فێری هەموو شتێ دەبێت لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی لەگەڵ کۆمەڵگا و داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگا هەروەها فێردەبێت چۆن بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو کێشەو گرفتانە بێتەوە کە دووچاری دەبێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا، تاک فێری گشت بیروڕا و ئاراستە و هەست و سۆز و توانا و دابونەریت و چالاکیەکانی کۆمەڵگا دەبێت لە کۆمەڵگا بۆی دیاری کردووە ئەویش بەمەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی کۆمەڵگاو قبوڵ کردنی وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە (أبو جادو، 2002: 49)
زانایان دەڵێن تاک هەر لە منداڵییەوە بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێ دەپەڕێت و لە هەرقۆناغێکدا فێری چەندین شتی جیاواز دەبێت و ئەو شتانەی فێری دەبێت هۆکار و بنەمایەک دەبن بۆ دروست کردنی کەسێتی تاک، بۆ نمونە لە تەمەنی منداڵی دا تاک تەنها هەڵدەستێ بە لاسایی کردنەوەی دایک و باوکی بەو پێیەی کە ئەوان یەکەم کەسن کە لێیانەوە فێر دەبێت و پشتیان پێ دەبەستێت تا دەگاتە قۆناغێ کە پشت بە خۆی دەبەستێت. کاتێ دەچێتە قۆناغی هەرزەکاری کۆمەڵێک ئاراستەو بیروڕای جیاوازی تیادا دروست دەبێت کە لە ڕێگایەوە شی کردنەوەی دەکات بۆ ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن و زیاتر لەم قۆناغەدا عاطفیانە واتە بەشێوەی سۆزداری لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکات و لەواقع دوور دەبن بەڵام کاتێ دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و کامڵ بوون بیروڕاکانی دەگۆڕێن و وتاڕادەیەک جێگیر دەبن و بە شێوەی واقعی و عەقلانی تر ڕووداوەکان شی دەکاتەوە و ئاراستە سیاسیەکانی جێگر دەبن و بیروڕاکانی دەردەبڕن ئەم بیروبۆچوونانەش لە ئەنجامی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی و تاقی کردنەوەکانی خۆی لە ژیان و کارکردن لەسەر هۆشیار کردنەوەی خودی خۆی یەوە سەرچاوە دەگرن و هۆکار دەبن بۆ دروست بوونی کەسێتی. (المیمان، 2006: 62-63) (سیرز sears) و (باندیرە Bandera) (political persons) ڕوونی دەکەنەوە کە کەسێتی سیاسی ئەو کەسانەن کە هەر لە منداڵیەوە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی دایک و باوک و ئەندامانی خێزانەکانیان یاخود لەلایەن دایک و باوکیان فێردەکرێن و ئامادە دەکرێن کە ببنە کەسێتی سیاسی (عبدالرحمن، 2001: 448) لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بەپێی ئەم تیۆریە (تیۆرەی فێرکردنی کۆمەڵایەتی) گرنگی دەدات بە گشت ئەو بابەتانە یاخود ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە منداڵ تیایدا دەژی و کارلێکی کۆمەڵایەتی هەیەو خێزانیش ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەگەڵ خوێندنگادا وەک دوو دامەزراوەی پەروەردەو فێرکردن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- سیاسی دا و پێی وایە کە فێرکردن بە چوار قۆناغ دەبێت.

- قۆناغی درکپێکردن: وەک درک کردنی منداڵ بەو شتانەی لە دەوروبەریدان.
- قۆناغی پاراستنی ئەو شتانەی کە فێری دەبێت هەر لە منداڵیەوە و لە بیری نەکردوون.
- قۆناغی دووبارە بەرهەم هێنانەوە: لێرەدا هێماو ئاماژە کردن و قسە کردن و بینینی ئەو شتانەی کە لە بیری ماون دەچنە قۆناغی جێ بە جێ کردن و لە ڕەفتار و چالاکی و ئاکار و هەڵس و کەوتی دا ڕەنگ دەدەنەوە.

sjh@univsul.edu.iq

- لاسایی کردنەوە و نواندنی ئەو ڕەفتارانەی کە دەیانبینێت و تێبینی یان دەکات لەلایەن کەسانی دەوروبەری، ئەم لاسایی کردنەوانەش جاری وا هەیە ڕەفتاری ئەرێنی لێ بەرهەم دێت و لە ئەنجامدا پاداشت دەکرێت جاری واش هەیە ڕەفتاری نەشیاو نەرێنی لێ دەوەشێتەوە و دوچاری سزادان دەبێتەوە لە ناو خێزان و کۆمەڵگاد. (داوسن، برویت، 1998: 49- 50)

5- **تیۆرەی دەروونی شیکاری: Psycho analysis theory**

بنەمای ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ نوسراوەکانی زانای دەروناسی سیجوند فروید (S. freud) و (ئیریڵ ئیریکسۆن E. Erikson) لەم تیۆریەدا بایەخ و گرنگی بە کەسێتی تاک دەدرێت و چۆنیەتی دروست بوونی و کاریگەری دەوروبەر لەسەر دروست بوونی کە لە ئەنجامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری و کارلێکی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت. (ئیریکسۆن) لە شی کردنەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی (فروید) کە گرنگی داوە بە توێژینەوە کردنی پرۆسەی (proses Ego) و چۆنیەتی دروست بوونی لای تاکەکان لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیان. ئیریکسنۆ توانی بگات بەو ڕاستیانەی کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە هەرشتێ فێر دەبێت ئەوا کاردانەوەی دەبێت لەسەر کەسێتی دا کاتێ گەورە دەبێت.

هەروەها بەپێی بیروڕای فروید مرۆڤ هەر لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی چۆن فێر بێت و چی فێربێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر دروست بوونی کەسێتی هەروەها بەپێی بیروڕای فروید منداڵ سروشتێکی جیاوازی هەیە کە دژە یاساو داب و نەریتەکانی کۆمەڵگایەو هەڵگری کۆمەڵێک غەریزە و پاڵنەری دەروونی یەکە کە هۆکارن بۆ دروست بوونی کەسێتی یەکی شەڕانگێزو جیاوازکە لەگەڵ داب و نەریت و یاساکانی کۆمەڵگا ناگونجێ ئەمەش فروید ناوی لێناوە (الهو) کە کۆمەڵێکی ئاڵۆزە پاڵنەری غەریزەیی کە ڕەفتاری دیاری دەکات کاتێ ئەم منداڵە ڕادەهێنرێن لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە دایک و باوک لێی بەرپرسن و منداڵەکە فێری ئەوە دەکەن چۆن بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کۆمەڵگادا لێرەدا (أنا العلیا) (منی باڵا)) دروست دەبێت کە ئەمەش لە ئەنجامی پرۆسەی فێرکردن و پێگەیاندن لەلایەن دایک و باوک و دامەزراوەی پەروەردەیی و هاوڕێ و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا دروست دەبن و ترسی منداڵ لە لادان لەو یاسا و داب و نەریتە دەبێتە دروست بوونی ویژدان کە لە ناخی مرۆڤدا کاریگەری دەبێت و ڕێگا نیشاندەری دەبێت لە هەر هەڵس و کەوتێ کە ئەنجامی دەدات. تیورەی شیکاری دەروونی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لێپرسراوە لە دروست بوون و پێگەیاندنی کەسێتی تاک و ئەم پرۆسەیە کار دەکات لەسەر بەهێز کردنی (منی باڵا) (أنا العلیا) تاوەکو بە پێی پێویست هەستێ بە ئەرکەکانی و منداڵ فێر بکرێت هەر لە منداڵیەوە چۆن ڕابهێنرێ لەگەڵ داب و نەریت و پشت بە خۆی ببەستێت و بیروڕای بە خۆی هەبێت، ئەم تیۆرەش ڕۆڵی لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا لە وەوە سەرهەڵدەدات کە پێیان وایە منداڵ گشت داب و نەریت و ئاراستە دیاری کراوەکانیان لە دایک و باوکیان فێردەبن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر منداڵ بە تایبەت ئەم پرۆسەیەکە ئامرازی سزاو پاداشت بەکاردەهێنێ لە فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ و فێردەکات ئەو ڕەفتار و هەڵس و کەوتانەی کە جوان و ڕێک و پێکن و لەگەڵ بەهاو نەریتی کۆمەڵگا دەگونجێ شایەتی پاداشت کردن و دەست خۆشیە هەر لادانێک لەم یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانە دەرەنجام دووچاری سزا دەبێتەوە، هەر لێرەوە تاک یاخود منداڵ ئاراستە سیاسیەکانی وەک ئامرازێ وەردەگرێ یاخود بەمانایەکی تر بڵێین تاک بۆیە دەچێتە ناو جیهانی سیاسەت و تێکەڵاوی سیاسەت دەبێت تا ویست و ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات یاخود

sjh@univsul.edu.iq

گوێ ڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی وەک ویست و حەزێکی بۆ ئەوەی مل کەچی دەسەڵاتی کەسانی تر بێت هەر بۆ بۆیە ئەم تیۆرییە دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی دوو گریمانەیە. (داوسن، برۆیت، 1998: 52)

**گریمانەی یەکەم:** ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنەی منداڵ یاخود تاک هەیەتی بۆ کەسایەتی سیاسی و سەرکردەو دەسەڵاتی سیاسی لە ئەنجامی خۆشەویستی یەتی بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە لە منداڵیدا بۆ باوکی هەیبوە. ئەمەش هەریەک لە زانایان (إیستون Eston) و هیس (His) و (جیرنشتین Jernshten) باسیان لێ دەکردوو پێیان وایە کە هەر تێروانینێکی ئەرێنی تاک بۆ سەرکردەو دەسەڵاتی سیاسی لە خۆشەویستی تاک بۆ باوکیەوە دەست پێ دەکات. (المیمان، 2006: 61)

**گریمانەی دووەم:** ئیستۆن (Eston) و (دینیس) لە چوارچێوەی توێژینەوەکەیاندا بۆیان ڕوون بویەوە کە منداڵ سەرۆکی خۆش دەوێ و سەرۆک کەسێکی ناسراوە هەروەها کەسێتی سەرەکی یە لە ژیانی منداڵ دا و وەک فریاد ڕەسێک سەری دەکات سەیری دەکات لە پارێزەریانەو هۆکارە بۆ مانەوەو پاراستنیان و هەمیشە هەڵدەستێ بە کاری باش. کە لەبەرژەوەندی ئەواندایە. (داوسن، برویت، 1998: 80)

**6- تیۆرە نوێیەکان لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی**

1 - تیۆرەی (سیستمەکان) لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا:-

دیفید ئیستۆن (D. Eston) لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەیەکە لەسەر تیورەی سیستمەکان لە بواری زانستی سیاسەتدا نوسینی هەیە، إیستون و جاك دینیس (Jack Dennis) ئەم تیورەیەیان بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا بەکارهێناوە. ئیستۆن پێی وایەکە سەقامگیری سیاسی و مانەوەی سیستمی سیاسی گەورەترین کێشەیە، إیستون لە خستنەڕووی ئەم تیۆریەدا سەرنجمان بۆ ئەو بابەتە ڕادەکێشێ کە سیستمە سیاسیەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن بە واتای کۆمەڵە کەسانێک پەیوەندی دەکەن بە گروپێکی سیاسی دیاری کراوەوە یاخود گروپێکی نەتەوایەتی دیاری کراون و بەردەوام دەبن لەگەڵیاندا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەمەش لە منداڵەکانیاندا بەهەمان شێوە ڕەنگ دەداتەوە و لەسەر هەمان بیروڕاو ئاراستە ڕایان دەهێنن و فێریان دەکەن، بەپێی ئەم تیوریە هەموو سیستمێکی سیاسی دەتوانێ پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات لە ئەنجامی بەدەستهێنانی پشتیوانی تەواوەتی لەلایەن خەڵکەوە بۆ ئەو سیستمە، پشتیوانیش دوو جۆرە بەپێی ئەم تیۆرییە.

1 ) پشتیوانی دیاری کراو (specific support) ئەم جۆرە پشتیوانیانە پەیوەستە بە بەرژەوەندیەوە بەو مانایەی پشتیوانیەکی مەرج دارە بەواتای پشتیوانی دەسەڵات دەکەم بە مەرجێ داواکاریەکانم جێ بەجێ بکات یاخود حکومەت و دەسەڵات تا چەند کار بۆ من دەکات و داخوازیەکانم بەجێ دەهێنێ منیش بە هەمان شێوە پشتیوانی بۆ دوویات دەکەمەوە بۆ نموونە دەنگدان بە حیزبێکی دەسەڵات لە بەرامبەر بڕیارێ کە دەری دەکات لە بەرژەوەندی ئێمە دابێت..

2 ) پشتیوانی گشتی و شاراوە (Diffuse support) ئەمەش پشتیوانی بێ مەرجە سەرچاوەی لەوەوە سەرهەڵدەدا کە تا چەند هاوڵاتی بڕوای بە دەسەڵات و سیستمی سیاسی هەیە پێی وایە پشتیوانی کردنی لە دەسەڵات پشتیوانی یە لە وڵاتەکەی و پێی وایە ئەمە خاک و نیشتیمانی خۆمە جا دەسەڵات خراپیش بێت من پشتیوانی دەکەم چونکە نیشتیمان پەروەری و ئینتمای نەتەوایەتی ڕەنگدانەوەی پشتیوانی گشتی یە و لە کاتی جەنگ و هەرکێشەیەک کە ئابوری

سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت کاتێ دووچاری نیشتمانەکەمان دەبێتەوە تاکەکان پشتیوانی دەکەن و ئامادەن گیانی خۆیان لە پێناوی فیدا بکەن. (داوسن، برویت، 1998: 37)

ئسیتون دینیس پرسیار دەکەن ئایا ئەم پشتیوانیە کەی نامێنێ چ کاتێکی سیستمی سیاسی دووچاری تێکشکان و پارچە پارچە بوون دەبێت و چ کاتێ خەڵک شۆرش بەرپا دەکەن دژی ئەم سیستم و دەسەڵاتە بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە پێیان وایە کە لە رێگای توێژینەوە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی یەوە دەتوانی بە دەستی بهێنین، إسیتون دینیس صێیان وایە کە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کار بۆ ئەوە دەکات چۆن بتوانین تاک فێر بکرێت کە ئاراستەی سیاسی دیاری کراوی هەبێت و کەسێتی یەکی سیاسی ئەرێنی دروست بکەین و چۆن هۆشیاری سیاسی هەبێت تا بتوانێ بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات جا لە رێگای دەنگدان بێت یاخود هەر بەشداریەکی تر. (داوسن، برویت، 1998: 38) إیستون بەو گریمانەیە دەست پێ دەکات کە دەڵێ (منداڵ هەر لە قۆناغی منداڵیەوە ئەو بیروڕاو ئاراستە سیاسیانەی کە فێری دەبێت ئەگەر هاتوو بیروبۆچونێکی ئەرێنی بێت ئاوا لە تەمەنی گەورەیی و پێگەیشتندا هەر هەمان بۆ چوونی دەبێت و پێویستی بەوە نابێت کە خۆی لە بۆچونی شەرانگێزی و نەرێنی رزگار بکات وەک ئەو منداڵانەی کە هەر لە منداڵیەوە بۆچونێکی نەرێنی، یان هەبێت بەرامبەر بە دەسەڵات) بەپێی ئەم گریمانەیەش ئەو منداڵەی بیروبۆچونی ئەرێنی هەبێت کەسێکی سیاسی باش و ئەرێنی دەردەچێت ئەگەر هاتوو بیرو بۆچونیشی نەرێنی بوو ئەوا کەسێتی شەرانگێز و نەرێنی دەبێت و شۆرش گێرو بیروڕای شۆرشگێرانەو گۆرانکاری لا دروست دەبێت (داوسن، برویت، 1998: 39) بۆ راهێنان و فێرکردنی لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا پێویستە بە چەند قۆناغێکدا تێ پەرێ تاوەکو دەگات بە کەسێتی سیاسی ئەوانیش.

1 ) قۆناغی بە سیاسەت کردن: لەم قۆناغەدا منداڵ هیچ شتێ لە بارەی سیاسەت نازانێ بەڵام بە تێپەربوونی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی دەردەکەوێت کاتێ منداڵ پەیوەندی توندی دەبێت لەگەڵ دایک و باوک و پەیوەندیەکی پتەو کویان دەکاتەوە هەر لە دایک و باوکیەوە دەسەڵاتی سیاسی دەناسێ ئەویش بە ناسینی پیاوی پۆلیس یان پێشمەرگە یان شۆرشگێر یان پۆلیسی هاتووچۆ.

2 ) پەیوەست بوون بە کەسێتی یەکان:. هەندێ لە منداڵان لە ئەنجامی خۆشەویستی و پەیوەست بونیان بە کەسێتی سەرۆک و پیاوانی پۆلیس وە خۆشەویستی بۆ سیستمی سیاسی دروست دەبێت و لەوانەوە خۆشەویستی بۆ سیاسەت و دەسەڵات دەبێت.

3 ) تێروانینی ئەرێنی:- منداڵ هەر لە سەرۆک کۆمار و حکومەت و پیاوانی پۆلیس تێروانینێکی ئەرێنی دەبێت بۆ دەسەڵات و سیاسەت و پێی وایە سەرۆک و پیاوانی پۆلیس کەسانێکن ئەرکی پاراستن و پارێزگاری ئەوان لە ئەستۆ دەگرێت و فریاد رەسیانە.

4 ) بە دامەزراوەیی بوون لێرەدا منداڵ ئەو بیرو بۆچوونانەی کە هەیەتی بەرامبەر بە سیستمی سیاسی دەگۆرێ بۆ پشگیریەکی گشت لە سیستمی سیاسی و دووپات بوونەوەی پشتیوانی بۆی. (المیمان، 2006: 68)

ئسیتون لە رێگای ئەم تیۆرەوە توانیویەتی بەو راستیە بگات لە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ لە رێگای پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی تاکەکانی رابهێنێت و فێر بکات کە چۆن تاکێکی سیاسی و ئەرێنی بێت و پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی بکات سەرەرای خراپی و گەندەڵی و ئەو دەسەڵاتەش چونکە سەقامگیری سیاسی بەندە بە سەقامگیری و مانەوەی سیستمی

سیاسی و لەکاتی بوونی هەر کێشەیەکدا دەتوانرێت چاکسازی بکرێت بەڵام دروست کردنی ئاژاوە گێڕی و کێشەو شۆڕش هۆکارن بۆ تێکدانی سەقامگیری سیاسی ئەم تیۆریە جەخت دەکاتەوە لەسەر سەقامگیری و مانەوەی سیستمی سیاسی و پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ئەم سەقامگیریە (المنوفي، 1998: 100)

7- تیورەی هەژموون و دەسەڵات:-

چەمکی دەسەڵات (Hegenomy) کە بە مانایی هەژموون (Domination) یان کۆنترۆڵکردنی (control)، ئەم چەمکە چەمکێکی سیاسیەو بەکاردێت لە زۆر لە کتێبە سیاسیەکاندا و بەمانای دەسەڵات و هەژموونی گروپێک بەسەر گروپێکی تریان زۆرینەیەک ئەم چەمکە ئەگەر لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا بەکار بهێنرێت بەو مانایە دێت کە کۆمەڵێ گروپی سیاسی کە دەسەڵاتیان بە دەستە کار دەکەن لەسەر هێما و بەهاکانی کۆمەڵگا و ئەویش لە ڕێگای پروپاگەندەو (propaganda) و چاودێردێ (censor ship) کردنەوە و بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنیان و پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی و مانەوەی خۆی، تیورەی هەژموون و دەسەڵات لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی هەوڵ دەدات لە ڕێگای دەسەڵاتەوە کار بکات بۆ گواستنەوەی بیروڕاو ئایدۆلۆجیای سیاسی واتە سەپاندنی ئایدۆلۆجیای کەمینەیەکی دەسەڵاتدار بەسەر زۆرینەیەکی بێ دەسەڵات (داوسن، برويت، 1998: 43) دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە هەوڵ دەدات لە ڕێگای کەناڵەکانی یاخود دامەزراوەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کار بکات بۆ فێر بوون و ڕاهێنان و پێگەیاندنی سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەشێوەیەک فێریان بکات کە ئەندامەکانی کۆمەڵگا یاخود زۆرینە بە هەموو کەم و کوڕی و هەڵەکانی دەسەڵات ڕازی بن و پێیان وابێت کە هەرچەندە دەسەڵات خراپ بێت بەڵام مانەوەی ئەو دەسەڵاتە و سەقامگیری سیاسی هۆکاری مانەوەیانە و ئەرکی هەموانە پشگیری بکەن و بیپارێزن. هەروەها ئەم تیوریە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی زۆربەی دەوڵەتان جەماوەر هەمیشە پشتیوانی دەسەڵاتن و شەرعیەتی پێ دەدەن و لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندیان یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسیدا، بەپێی ئەم تیوریە ئەم بۆ شی کردنەوەی ئەم بابەتە بۆیان دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی دروست کردنی (هۆشیاریەکی ساختە ) یە ئەم هۆشیاریە ساختەیەش بەپێی ئەم تیوریە لە ڕێگای (پروپاگەندە) (propaganda) و چاودێری (censorship) دەبێت کە لە ڕێگای پرۆپاگەندە کار دەکەن لەسەر هەست و سۆزی خەڵک لە بیرهێنانەوەی دروشمی نەتەوایەتی و سەرکردە کاریزمیەکان و لە بۆنە نەتەوایەتی یەکان و لە کاتی بوونی هەر کێشەیەک یان ئاڵۆزیەک بابەتەکان دەبەنەوە بۆ ئینتما و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و بوونی مەترسی لەسەر نیشتمان بەمەش خەڵک هاندەدەن و کار لەسەر هەستیان دەکەن تا پشتیوانی دەسەڵات بن و لە خۆشی و ناخۆشیدا پشتیوانیان بن و شەرعیەتیان بدەنێ، هەروەها لە ڕێگای چاودێریش لە کاتی بوونی مەترسی و هەڕەشە لەسەر دەسەڵات چاودێری گشت ئەو گروپ و دەنگە نارازیانە دەکەن و ڕێگریان دەکەن لە هەر کۆبونەوەو خۆپیشاندانیک کە بیانەوێ بیکەن و بەهۆیەوە ئاژاوە دروست بکەن، لە کاتێکدا جەماوەر زۆر گرنگی نەدات بە حکومەت و دەسەڵات و بابەتی سیاسی جێگای گرنگی نەبێت لەم کاتەدا حکومەت چاودێری ئەو کەسانە ناکات.

بەپێی ئەم تیۆریە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕاهێنان و فێرکردنی تاک بەوشێوەیەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی دەیەوێت و کار دەکات لەسەر گەوجاندن و دروست کردنی هۆشیاریەکی ساختە کە زۆرینەی جەماوەر ئەگەر بێت و دەسەڵات لە بەرژەوەندی ئەوان کار بکات یاخود نا ئەوا جەماوەر شوێن کەوتەی بن و وافیر بکرێن لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەک ئەوا ئەو هەڕەشەیە هەموویان دەگرێتەوە و بەتەنها دەسەڵاتی سیاسی نیەو بۆیە دەبێت پشتیوانی

sjh@univsul.edu.iq

دەسەڵات بین. لەو کاتەشدا کە خەڵک ملکەچی ئایدۆلۆجیاو بیرو ئاراستەکانی دەسەڵات نابن لێرەدا پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەوەستێت و کاری پێ ناکرێ چونکە خەڵک بڕوایان بەو بەرنامانە نابێت و دژی دەسەڵات دەوەستنەوە و ڕووبەڕووی دەبنەوە ڕۆحێکی شۆڕشگێرانە (Revolutionary challenge) دروست دەبێت و داوای نەهێشتنی مانەوەی ئەو دەسەڵاتە دەکەن کە ئەمەش هەڕەشە دەبێت بۆ لابردن و نەمانەوەی دەسەڵات. لە کۆتاییدا بە پێی تیورەی هەژموون و دەسەڵات پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی کە لە تیۆرەی سیستمەکانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە ئامانج لێی مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و بەدی هێنانی سەقامگیری سیاسیە و گرنگ بەدی هێنان و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یە وەک بەرژەوەندی ئابوری کۆمەڵایەتی سیاسی و مەرج نیە گرووپی دەسەڵات دار گروپێکی دیاری کراو بێت بەڵکو ئەو کەسانە یاخود گرووپانە دەگۆڕێن ئەوەی دەمێنێتەوە بەرنامەی حیزب و سیستمی سیاسیەکە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی کار دەکات و هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چینی سیستمی سەرمایەداری کۆمەڵێ مەرج و بڕیاری سەپاندبوو لەسەر کرێ و شێوازی کارکردنی چینی کرێکاران بۆ ماوەی سەدەیەک ئەم بڕیارانە وەک خۆی جێ بە جێ دەکران سەرەڕای گۆڕانکاری لە کەس و گرووپی دەسەڵاتدار لەم چینەدا. (داوسن، برویت، 1998: 49)

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە شیکارییەدا کە خستنەڕووی بیر و ڕای کۆمەڵێك زانای کۆمەڵناسی و دەروونناسی سەبارەت بە بابەتی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی تیۆرییە کلاسیکییەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ هەر لە قۆناغی منداڵییەوە توانای تێگەیشتن و مەعریفی قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەکات و هەروەها ڕۆڵی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی سیاسی لەم گەشەسەندنەدا کاریگەرییەکی تەواویان هەیە، بەتایبەت خێزان، بەو پێیەی منداڵ یەکەم دەسەڵات کە شارەزای دەبێت دەسەڵاتی دایك و باوکە لەناو خێزانەکەیدا، هەروەها بیرمەندان جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی ئەم پرۆسەیە، بەتایبەت زانایانی قوتابخانەی وەزیفی جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی ئەم پرۆسەیە کە هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی سەقامیگیری سیاسی و پشتیوانی و شەرعیەتپێدان بە دەسەڵاتی سیاسیی، هەروەها هۆکارێکە بۆ فێرکاری و ڕاهێنانی تاك، تا بتوانێت تاکێکی ئەرێنی بێت و ڕۆڵی ئەرێنی هەبێت لە کۆمەڵگا و ئینتیما و خۆشەویستی بۆ خاك و نیشیتمانەکەی هەبێت و گیانی فیداکاری هەبێت لە کاتی بوونی هەر هەڕەشەیەك کە ڕووبەڕووی نیشتمان و سیستەمە سیاسییەکەی دەبێتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**سەرچاوەكان:**


1- ابراش، ابراهيم، (1998)، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق، عمان/ الاردن.

2- ابو جادو، صالح محمد، (2002)، سايكولوجية التنشئة الاجتماعية، دار العلوم للتحقيق والطباعة والنشر، بيروت/ لبنان.

3- اسماعيل، محمود حسن، (1997)، النشئة السياسية (دراسة في دور اخبار التلفزيون، دار النشر جامعات، مصر.

4- الاسود، صادق، (1990)، علم الاجتماع السياسي، مطبعة الارشاد ، بغداد/ العراق.

5- حسن، عبدالباسط محمد، (1982)، اصول البحث الاجتماعي، دار التضامن للطباعة، ط 8.

6- داوسن، ريتشارد، برويت، كينث، (1998) التنشئة السياسية، ت. مصطفى عبدالله ابو قاسم، محمد زاهي محمد، منشورات جامعة قار يونس، ط 2، بنغازي/ ليبيا.

7- الدباغي، سارة، (2018)، التنشئة السياسية و ترسيخ ثقافة الحكم الراشد، كلية العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة الجزائر، مجلة مدارات السياسية المجلد 2، العدد 7، ديسمب، الجزائر.

8- الدهان، عقيل عبدالمحسن سعيد، (2014) اثر التنشئة الاجتماعية في البناء الدمقراطي، درا ميزوبوتاميا، بغداد.

9- الزيود، اسماعيل محمد، (2010)، علم الاجتماع دار كنوز المعريفة للنشر والتوزيع، القاهرة/مصر.

10- سالم، رعد حافظ، (2000)، التنشئة الاجتماعية و اثرها على سلوك السياسي، دار وائل للنشر، عمان/ الاردن.

11- سلام، محمد توفيق، (2015)، التنشئة السياسية تعزيز قيم الولاء والانتماء عند قائد صغير، المجموعة العربية، للتدريب والنشر، ، القاهرة/ مصر.

12- الطيب، مولود زايد، (2001) علم الأجتماع السياسي، منشورات: جامعة بنغازي، ليبيا.

13- عامر، طارق عبدالرؤف، (2013)، ايهاب عيسى المصري، مؤسسات التربية والتنشئة السياسية، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة/ مصر.

14- العاني، د.حسن محمد شفيق، (1986)، الملامح العامة للعلم الاجتماع السياسي، مطبعة جامعة بغداد، بغداد/ العراق.

15- عبد المنعم، دينا شفيق عبدالحميد، (2013)، المكتب الشاملة و دورها في تنشئة السياسية للطفل، مؤسسة الحورس الدولية للنشر والتوزيع، الاسكندرية/ مصر.

16- عبدالرحمن، عبدالله محمد، (1999)، علم الاجتماع النشرة والتطور دار المعرفة جامعية، بيروت/ لبنان.

17- عبدالرحمن، عبدالله محمد، (2001)، علم الاجتماع السياسي، النشاة التطورية والاتجاهات الحديثة والمعاصرة، دار النهضة العربية للنشر ، بيروت/ لبنان.

18- كدنيز، انطونيو، (2005)، علم الاجتماع، ت. فايز الصباغ، بيروت/ لبنان.

19- المشاقبة، امين عواد، شقير دينا صبيح، (2021)، التنشئة والثقافة السياسية، وزارة الثقافة، عمان/ الاردن.

20- مطوري، اسماء، (2015 – 2016)، مؤسسات التنشئة الاجتماعية و دورها في تنمية قيم التربية البينية (دراسة ميدانية بابتدائية البستان ولاية باتنة)، اطروحة دكتورا مكملة لنيل شهادة دكتورا علوم في علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر بكسرة، اشراف: ابراهيمى طاهر.

21- المنوفي، كمال، (1998)، التنشئة السياسية للطفل في مصر والكويت، مضمون المقررات الدراسية السياسية الدولية، مركز الدراسات البحوث، القاهرة/ مصر.

22- الميمان، بدرية بن صالح بن عبدالرحمن، (2008)، دور الامة المسلمة في تنشئة السياسية، للابناء في ضوء متغيرات العصر، اطروحة الدكتورا في مجال فلسفة التربية، تخصص التربية الاسلامية، اشراف دكتور صلاح الدين ابراهيم وعوض – دكتور سمير بن عبدالحمد قطب، السعودية.
23- هاشم، عبدالمنعم،عدلي سليمان ، (1980)، الجماعات والتنشئة الاجتماعية، مكتبة القاهرة حديثة، القاهرة/ مصر.
24- الياسري، علي عبدالعزيز، (1998)، التنشئة الاجتماعية السياسية، مفهومها جذورها، بحث منشور في مجلد الدراسات الدولية العدد 40، ص 147 – 156 ،الرياض/ مملكة العربية سعودية.
25- يوسف، حسن يوسف، (2017)، علم الاجتماع السياسي مركز الكتاب الاكاديمي، عمان/الاردن.

**ملخص البحث:**

في هذا البحث نقدم تعريفنا للمفهوم التنشئة السياسية وتاريخ نشوئها وأهم خصائصها ومراحل تطورها، مع أهم النظريات التي تصف هذه العملية، حيث تعد هذه العملية من العمليات المهمة التي تهدف الى تلقين وغرس الافكار والتوجهات السياسية بهدف تحقيق الاستقرار السياسي للأمن وتوعية الافراد في عملية المشاركة السياسية مثل الانتخابات واتخاس المواقف ضدا اي عملية تهديد الامن والاستقرار في المجتمع، فمن خلال هذه العملية نستطيع أن ننقل كافة الأفكار والمعتقدات من جيل إلى جيل ونعلم أجيالنا القادمة حبهم وانتمائهم الى وطنهم وشعبهم.

**الكلمات المفتاحية: التنشئة السياسية، التنشئة الاجتماعية**